# بۆچی میدیاکانی کوردستان بۆ پرسەسیاسییەکان رای ئافرەتان وەرناگرن؟

**سەرەڕای ئەوەی کورد ئافرەتی سیاسەتوان و پەرلەمانتار و وەزیری هەیە، بەڵام جەخت لەوە دەکرێتەوە کە میدیای کوردی ئافرەتان ڕووبەڕووی پرسی سیاسی ناکەنەوەو لەم بوارەدا ڕایان وەرناگرن. ئایا ئەوە هێمای لاوازیی ئافرەتی کوردە لەبواری سیاسی، یان هۆکاری دیکەی هەیە؟ لەوبارەیەوە بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتە راوسەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.**



زۆرجار باسی ئەوەی دەکرێت کە هەرێمی کوردستان لەڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و هەموو بوارەکانی پەرەسەندن، گەشەی بەرچاوی کردووە، ئافرەتانیش چ لە رۆژانی خەباتی شاخ و چ لە دوای رزگاریی کوردستان لەهەموو کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ژمارەی ئافرەتانی سیاسەتوانی کورد کەم نین و لە ناوەندە حزبی، حکوومی، مەدەنی و تەنانەت لەناو پەرلەمانی کوردستانیشدا کاریگەرییان لەسەر بڕیارەکان هەیە، بەڵام ڕاگەیاندنی کوردی بەدەگمەن ئافرەتان ڕووبەڕووی پرسی سیاسی دەکەنەوە؟ ئایا ئەوە هێمای لاوازی ئافرەتی کوردە لە بواری سیاسیدا، یان هۆکاری دیکەی هەیە؟

**کاتێک ئافرەت جێی خۆی دەگرێت کە بتوانێت وەڵامدەرەوەی پرسی سیاسی و نەتەوەیی بێت**

سەرفراز نەقشبەندی، رۆئافرەتامەنووس و سیاسەتوانی کوردی دوورەوڵات، لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا بە پێویستی دەزانێت، پێش هەموو شتێک باسی ئەوە بکات کە «ئافرەتانی دنیا زۆر لێبڕاوانە بۆ ئازادی و یەکسانی و دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆیان لە بزاڤەکاندا خەباتیان کردووە، لە هەموو بوارێکی ژیانیشدا خەباتی بەرچاویان هەبووە، کاتێك دیرۆکی خەباتی ئافرەتانی دنیا دەخوێنینەوە، مرۆڤ بە ئاشکرا ئەوە دەبینێت، بەڵام لە کوردستاندا ئافرەتان چ شۆڕشێکی وایان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان دەستپێنەکردووە، دیارە ئەوەش وایکردووە لە واری سیاسیشدا لە پاش بمێنن». گوتیشی «تا ئێستاش لە راگەیاندنی کوردیدا گەر هەندێك رۆئافرەتامەوانیش بخوازن ڕوومالّی پرسێکی سیاسی بکەن و نیازیان وابێت پرسیارەکان ئاراستەی ئافرەتان بکەن، بەگومانن لەوەی کە ئافرەت ئەو سەکۆیە بێت کە بکارێت رۆژەڤی سیاسی بکات»

سەرفراز قووڵایی کێشەکە بۆ «بناغەی حزبی» دەگەڕێنێتەوەو دەڵێت «حزبەکانی ئێمە حزبی نێرن، وەك چۆن چاوی بزاڤی ئێمە نێرە. ئەمە قۆناغی باوکسالارییەو هەنگاوێك بۆ پێش و دوو هەنگاو بۆ پاش دەڕۆین». ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە پەیامی شۆڕشەکان لە سەرانسەری جیهاندا «گەوهەرێکی نوێخوازە لەگەڵ پاراستنی کەلتووری نەتەوەیی، تەنیا لەو شۆڕشانەدا ئافرەت جێی خۆی دەگرێت و ئەزموونێکی نوێی ژیرانە پەیدا دەکات، کە دەتوانێت بەگشتی وەڵامدەرەوەی پرسی سیاسی و نەتەوەیی بێت».

**لەمیدیای کوردیدا ژمارەی ئافرەتان بڕیاردەر لەکاری راگەیاندن کەم نین**

ژاڵە سەعید، وەك میدیاکار سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «کوردستانیش وەك هەموو وڵاتانی جیهان خاوەنی ئافرەتانی تێکۆشەر و سیاسەتمەدارە، ژمارەیەکی زۆریش لەو ئافرەتانە لە زۆربەی کایەکانی کۆمەڵگەدا بە کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە توانیویانە لەناوخۆ و دەرەوەی وڵاتیش رۆڵی بەرچاو ببینن، بەڵام بەداخەوە کۆمەڵگەی کوردیش وەك وڵاتانی ناوچەکە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارە و کەمتر بوار بۆ ئافرەت ڕەخساوە هەتا شانبەشانی پیاو لە کایە

سیاسییەکاندا بەشداری بکات، لە میدیای کوردیش ژمارەی ئـەو ئافرەتانەی کە ئاسـتی بڕیاردان لە کاری راگەیاندنن کەم نین، بەڵام دەبێت ئەو ڕەخنەیە ئاراسـتەی میدیای کوردی بکەیـن کە بۆچی بۆ پرسە سیاسییەکان رای ئافرەتان وەرناگرن؟ لە هەموو بەشەکانی کوردستان ئافرەتی سیاسی و چالاك کەم نین، لە هەرێمی کوردستانیش پەلەمانتار و تەنانەت وەزیری ئافرەتمان هەیە

**لەنـاو جیاوازیی قووڵی ڕەگەزیـدا زۆر بەدەگمەن ئافرەتانی سیاسی دەردەکەون**

مسـتەفا شـێخە، ئەدیب و ڕۆئافرەتامەنووسێکی کارامەیـەو لەوەڵامی ئـەو پرسـیارەدا کە بۆچی ڕاگەیاندنی کوردی بەدەگمەن ئافرەتان ڕووبەڕووی پرسی سیاسی دەکەنەوە، سەرەتا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کـە کاری میدیایی وەك هەمـوو کارەکانی دیکەی کۆمەڵگە، رەنگدانـەوەی کەلتووری کۆمەڵگەکەی خۆی پێوە دیارە، هـاوکات جەخت لەوە دەکاتەوە کە «بارودۆخـی ژیانی ئافرەتان لـە ژیانی رۆژانەی کۆمەڵگەو چۆنییەتی کاری دەزگاکانی راگەیاندنی کوردستان پێویسـتیی بە کاتی زۆر و وەڵامی دوور و درێژ هەیـە، بەڵام ئەگەر بە کورتـی ئاماژە بە ڕۆڵی ئافرەتان لە چالاکیی سیاسی و شێوازی کاری راگەیاندنـی کوردی لە شـێوەڕوانینیان بۆ ئافرەتان و رۆڵیان لە سیاسـەتدا بکەین، پێویسـتە سـەرەتا سـەبارەت بە رۆڵی ئافرەتان لە کاروباری سیاسـیدا ورد بینـەوەو دواتر بزانین دەزگاکانی راگەیاندن واتە میدیای کوردی لەم پانتایەدا چ بایەخێك بە ئافرەتان دەدەن».

مسـتەفا شـێخە ڕایوایە «ئافرەتانی کوردسـتان وەك هەمـوو ئافرەتانـی رۆژهـەڵات، گیرۆدەی کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارن کە لەلایەن هەردوو رەگەزی ئافرەت و پیاوەوە بەتوندی پەیڕەو دەکرێت و هەوڵ بۆ پاراسـتنی دەدرێت. لـە کۆمەڵگەیەکدا کە بەهۆی ژیانی هاوبەشی کچان و کوڕانی سەر بە عەشیرەت و خزمایەتی، بەشێکی بەرچاوی منداڵان بە نەخۆشیی تالاسـیمیاوە دەناڵێنن، لەو کۆمەڵگەیەدا کە ئافرەتان کاتێك شایی شـووکردنی کچەکانیانە، پێیان شەرمە پیاوەکانیان لەماڵەوەبن. دیارە لەم جۆرە کۆمەڵگەیەدا ئافرەتانی سیاسیش بەدەگمەن هەڵدەکەون. کەوابێت، لەناو جیاوازیـی قووڵی دووڕەگەزدا رەگەزی یەکەم کە پیاوە، قسەی یەکەم دەکات.

**کارەسات ئەوەیە ئافرەتان لەناو خۆیانیشدا پتر بڕوایان بە کارامەیی پیاوان هەیە**

سـەرفراز نەقشـبەندی، لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا جارێکی دیکـە دەگەڕێتەوە بۆ شـرۆڤەی دۆخی سیاسـی و کۆمەڵایەتی کوردسـتان و دەڵێت «لەم هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی کوردستاندا، پیاوانی سیاسی و رۆشنبیری ئێمە ژمارەیەکی زۆریان بڕوایەکـی بەهێزیان بە هـزر و را و بیر و ئیرادەی ئافرەت نییە، تەنانەت هەندێکیان هەست بە کێماسی خۆیان بەرامبەر بە ئافرەتی کارامە و بەتوانا دەکەن، گەر ئافرەتێکیش لە خۆیان بـە ڕووناکبیرتر ببینن، شـەڕی هەمەجۆری لەگەڵ دەکەن، کارەساتەکەش بـە تەنێ ئـەوە نییە، بەڵکو کارەسـاتی قورسـتر ئەوەیە کە ئافرەتان لە نـاو خۆیانیش پتر بڕوایان بە کارامەیی و کاری پیاوان هەیە». وەك دواقسەشـی گوتی «کەنگی ئافرەت گەیشـتە پلەی هۆشیاری کەسـایەتی، ئەوکات دەکرێ وەك کەساتییەکی ئازاد لە جیهانی سیاسەتدا خۆی بسەلمێنی.

**میدیای کوردی لەڕوانگەیەکی پیاوسـالارانەوە لە ئافرەتان دەڕوانن**

هـەر سـەبارەت بـە نەدواندنی ئافرەتان لە پرسـە سیاسـییەکاندا لەلایەن میدیای کوردییەوە، مستەفا شـێخە جەخت لەوە دەکاتەوە کە نابێ هیچ شـتێك لەلایەن میدیاکانەوە بکرێتە پاساوێك بۆ لانەکردنەوە لە بیروڕای ئافرەتانی سیاسی. گوتیشی «میدیاکانی کـوردی کە زۆربـەی بەڕێوەبـەران و کارمەندانی خۆیان بە کەسـانی رووناکبیر دەزانن، بەڵام لە ئاست ئافرەتانـدا ئەوانیش لەڕوانگەیەکی پیاوسـالارانەوە دەڕواننـە ئافرەتـان. تەنانـەت ئافرەتانی چالاکی ناو دەزگاکانی راگەیاندنیـش بەدەگمەن نەبێت، لە کاری رۆژانـە و میدیاییاندا زیاتر بە دوای پرسـە کۆمەڵایەتیەکانـی ئافرەتان و بەرگریکردن لە مافە کۆمەڵایەتیەکانیان دەکەون، یان بەدوای زەقکردنەوە و پێشاندانی ئەو تایبەتمەندییانەی ئافرەتان دەکەون کە پیاوانی چاوبرسی حەزیان لێیەتی».


**گۆڕینـی کۆمەڵگـەی پیاوسـالاری بـەرەو کۆمەڵگەیەکی مرۆڤسالاری**

مسـتەفا شێخە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە «لە ناو ئافرەتانی سیاسـیدا لە کوردستان ئافرەتانی هوشیار و ئاگادار بە هەلومەرج و دۆخی سـەردەم کەمترن. گوتیشی «رەنگە میدیاکان لەم کارەدا کەمتەرخەم بن، بەڵام ئەوانەی چالاکیشن، ئافرەتانی سیاسەتمەداریان کەمتر دەسـت دەکەوێت و ئەگەر وەڵامیش وەرگرن، کەسەکان ئەوەندە زۆر نین کە لە هەفتەدا چەندین جار لەلایەن میدیاکانەوە ناویان نەبرێت. پێموایە بۆ ئەوەی ئافرەتانیش لە ئاستی پیاواندا لە بوارەکانی سیاسیدا بکەونە بەر سـەرنجی میدیاکانەوە، پێویستە بەر لە هەموو شتێك خەریکی گۆڕینی کەلتووری سەقەتی یەك ڕەگەزسالاری بین و هەوڵ بدەین مرۆڤەکان بەر لە دیاریکردنی رەگەزی (نێر و مێ)یان وەك مرۆڤ هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێت».

میدیاکار ژاڵە سـەعید، لە دوابەشی قسەکانیدا بۆ گوڵان،داوا لـە هەموو دامودەزگەکانی ڕاگەیاندنی کـوردی دەکات کە بە جـددی بەخۆداچوونەوەیەك بکەن و لە پرسـە سیاسـییەکاندا ئافرەتـان پەراوێز نەخەن، گوتیشـی « پێویسـتە بـە هەموو لایەك هەوڵی گۆڕینـی کۆمەڵگەی پیاوسـالاری بەرەو کۆمەڵگەیەکی مرۆڤسالاری بدەین»

**میدیاش رای ئافرەتانی کورد وەرناگرێت**

لەلای خۆیەوە بێستون نوری سەرنووسەری گۆڤاری سـڤیل، سـەبارەت بە ئەو ڕەخنەیەی کە ئاراستەی میدیـای کوردی دەکرێت، بـەوەی کە ڕاگەیاندنی کوردی بەدەگمەن ئافرەتان ڕووبەڕووی پرسی سیاسی دەکەنەوە، سەرەتا ئاماژە بۆ واقعی کۆمەڵگە دەکات و جیاوازییەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو لەگەڵ کوردستان بەمجۆرە دەخاتـەڕوو «نموونەی ئەو ئافرەتانەی کە لە وڵاتانی پێشـکەوتوو سیاسەت دەکەن، لەوانەیە لە کوردستانیش هەبێت، بەڵام واقعی کوردستان لەگەڵ واقعـی ئەو وڵاتانـە جیاوازە، لە کوردسـتان هیچ دەزگە و سەنتەر و ناوەندێکی ئەکادیمی شرۆڤەکاری سیاسی بوونی نییە، هەتاوەك هەر کێشەیەکی سیاسی هەبێت، ئەو دەزگایانە ڕوونی بکەنەوە، لەکوردسـتان زانیارییە سیاسـییەکان لەلای چەند کەسایەتییەکی سیاسـی لە ئاسـتی باڵادایـە، بـەڵام لەوڵاتانی پێشـکەوتوو ئەوە لەلای چەند کەسێك کۆ نەبۆتەوەو دەزگایەکـی ئەکادیمی لێکۆڵەرەوەی سـتراتیژی هەمـوو زانیارییەکیان لەبەردەسـتە، کـە زانیاریش لەبەر دەسـت بوو، دەکرێ لێکدانەوەو شرۆڤەشی بۆ بکرێت، قسەشی لەسەر بکەن». هاوکات جەخت لەوە دەکاتەوە کە «میدیای کـوردی بەرخوردی لەگەڵ واقعە سیاسـییەکان هەیە، هەموو کارەکتەرە گرنگە سیاسییەکانیش لە کوردستان پیاون، بۆیە زیاتر رای ئەو کەسـایەتییە سیاسـییانە وەردەگرن کە قەراریان بەدەستە و لێدوانەکانیان کاریگەریان لەسەر هاوکێشە سیاسییەکان هەیە و ئاگاداری دۆخە سیاسییەکەن». گوتیشی «ڕاستە ئافرەت لە سەرکردایەتی حزبەکاندا بوونیان هەیە، بەڵام دڵنیام لە قەراری سیاسیدا بەشدار نین، بۆیە ڕاگەیاندنی کوردیش بەرخورد لەگەڵ ئەو حەقیقەتەدا دەکات کە لە کوردستاندا هەیە.



**ژاڵە سەعید:**

**کوردستانیش وەک هەموو وڵاتانی جیهان خاوەنی ئافرەتانی تێکۆشەر و سیاسەتمەدارە**



**مستەفا شێخە:**

**ئافرەتانی کوردستان وەک هەموو ئافرەتانی رۆژهەڵات، گیرۆدەی کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارن کە لەلایەن هەردوو رەگەزی ژن و پیاوەوە بەتوندی پەیڕەو دەکرێت و هەوڵ بۆ پاراستنی دەدرێت**

# ئافرەتان ڕێژەی ٧٨٪ی فەرمانبەرانی پلەنزمی هەرێمی کوردستان پێکدێنن



**بەپێی ئامارەکان ٪٤٢ی هێزی کاری هەرێمی کوردستان بەر ئافرەتان دەکەوێت، گەرچی ئەوە بە «ڕێژەیەکی دڵخۆشکەر» هەژمار دەکەن، هاوکات گلەیی لەوە دەکرێ کە پۆستەباڵاکان لەلایەن پیاوانەوە قۆرخکراوەو ئافرەتان تەنیا ٪٢١ی پلە بەرزەکانیان بەردەکەوێت، بەپێچەوانەوە لە پلەنزمەکاندا پشکی شێریان بەرکەوتووە، کە ٪٧٧,٧١ بۆ ئافرەتان و ٪٢٢,٢٩ی بۆ پیاوان تەرخان کراوە.**

### تەنیا ٢١٪ی پلە تایبەتییەکان بەرئافرەتان دەکەوێت

بەپێی ئەو ئامارەی کە دەستمان کەوتووە، ڕێژەی ٤٢٪ی هێزی کاری هەرێمی کوردستان ئافرەتن، ئەوەش بە «ڕێژەکی دڵخۆشکەر» دەزانرێ بەوەی ئافرەتان توانیویانە لەگشت بوارەکانی ژیاندا ڕۆڵیان هەبێت و ژمارەیەکی زیاتریان خاوەن ئابوورییەکی سەربەخۆ بن. بەڵام لە پلە ئیدارییەکاندا ئەو ڕێژەیە بەرەوە کەمبوونەوە دەڕوات، بەتایبەتی لەپلەتایبەتییەکان، هۆکارەکەشی بۆ «تێڕوانینی کۆمەڵگەو سیستەمی پیاوسالاری» دەگێڕنەوە کە ڕەوایەتی زیاتری بە پیاوان داوە. بۆیە لە هەرێمی کوردستان تەنیا ٢١٪ی پلەو پۆستە باڵاکان بەر ئافرەتان دەکەوێت و لە پلە نزمەکاندا ئافرەتان پشکی شێریان بەردەکەوێت و ڕێژەی ٧٧,٧١٪ فەرمانبەرانی پلەنزمی هەرێمی کوردستان پێکدێنن، بەپێی ئاماری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیش تەنیا ١٤٪ی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئافرەتن.

### ئافرەتی زۆر بەتوانا و لێهاتوومان هەیە کە شایستەی ئەوەن پۆستی باڵاو ستراتیژی وەربگرن

چلورە ئەحمەد هەردی، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەبیرکاریدا لە زانکۆی بەریتانیا وەرگرتووە، ماوەی ١٤ ساڵ لە قوتابخانەدواناوەندییەکانی لەندەن وانەی بیرکاری گوتووەتەوە. لەساڵی ٢٠٠٠ سەنتەری (خاتوو زین)ی دامەزراندووەو بەردەوامیش بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرەتان کاروچالاکیی بەرچاوی هەبووە. ئەو چالاکوانەی سەبارەت بەکەمیی ڕێژەی ئافرەتان لەپۆستە باڵاکاندا، ئاماژە بە کۆمەڵێك هۆکاری گرنگ دەکات و بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەردەبڕێت:

«بێگومان ئافرەتی زۆر بەتوانا و لێهاتوومان هەیە کە شایستەی ئەوەن پۆستی باڵاو ستراتیژی وەربگرن، بەڵام چەندین هۆکاری جۆراوجۆر هەن کە ڕێگرن لە کارکردنی ئافرەتان لە پۆستە باڵاکاندا، لەوانە: یەکسانیی جێندەری بەشێك نییە لە بەرنامەی حکومەت و لە هیچ شوێنێك ڕەچاو ناکرێت، ئافرەت وەك ڕەگەزی پلەدوو سەیردەکرێت، بۆیە لەسەرەتادا پۆستە گرنگ و باڵاکان لەلایەن پیاوانەوە پڕدەکرێنەوە، ئینجا بیر لە ئافرەت دەکرێتەوە، واتا باوەڕنەبوون بە یەکسانی جیندەری هۆیەکی گرنگە بۆ پەراوێزخستنی ئافرەتان لە پۆستە حکوومیەکان «.

چلورە هەردی هۆکارێکی دیکەی کۆمبوونی ڕێژەی ئافرەتان لە پۆستەباڵاکاندا بۆ ڕۆڵی حزبەکان و دەستوەردانیان لەکاروباری حکومەت دەگێڕێتەوەو دەڵێت «تائێستا حزبایەتی لەوپەڕی بەهێزیدایە لەکوردستان و ئێمە لە کۆمەڵگەیەکین کە زیاتر حزب لە ناویدا باڵادەستە، حزبیش زۆرینەی پیاون و کە پۆستەکان دابەشدەکرێن، دەبێ پیاو بی و حزبی بیت، ئەمە بێجگەلەوەی کە هەندێك نۆرمی دیکەی وەك ناوبانگی بنەماڵەیی هەیە، واتە ئەگەر کەسێك ناسراو بێت و کوڕی کەسێکی ناودار بێت، بێگومان شانسی وەرگرتنی پۆستی زیاترە». ئەو چالاکوانە جەخت لەوەش دەکاتەوە کە «حکومەت و دەسەڵات بە ئۆپۆزسیۆنیشەوە هێشتا بڕوایان بەتوانای ئافرەت نییەو پیاو بە لێهاتووتر دەزانن». نموونەشی بەوە هێناوە کە «پیاو بەڕێوەبەری گشتی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ئافرەتانە، کە ئەمە شوێنێکە پێویستە ئافرەت بەڕێوەی ببات، بەڵام بەهۆی ئەوەی وابیردەکەنەوە کە ئافرەت لەو پۆستەدا دەبێت هەڵسوکەوت لەگەڵ پۆلیس بکات، پۆلیسیش تەنیا ڕێز لەپیاو دەگرێت، بۆیە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بە پیاو سپێردراوە. واتە دەسەڵات خۆی لەباتی ئەوەی دامودەزگاکانی والێبکات ڕێز لە ئافرەت بگرن، بێبەشیان دەکات لە پۆستەکە». چلورە هەردی گوتیشی «هەندێ جار بڕوانەبوونی ئافرەت بە خۆی و قبوڵکردنی سەپێنراو بەسەریا لەپۆستەکان بێبەشی دەکات، زۆر جاریش ململانێی نێوان ئافرەتان دەبێتە هۆی لەدەستدانی هەلەکان. بێگومان ئەم ململانێیە لە نێوان پیاوانیشدا زۆرە .

### ڕەنگە بیریان لەوەکردبێتەوە کە پیاوان زیاتر بەرژەوەندیی حزبەکەیان دەپارێزن

فریال عەبدوڵڵا قادر ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ڕەخنە لە کەمیی ڕێژەی ئافرەت لەناو حکومەتدا دەگرێت و هێما بۆ ئەوە دەکات کە زۆر ئافرەتی بەتوانا هەن کە لەحزبەکان ئیشدەکەن و چەندین ئافرەتی بێلایەن و بەتواناش هەن کە لە دەزگاو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کاردەکەن، کە دەتوانن پۆستی باڵا وەربگرن و کارا و سەرکەوتووانەش بەڕێوەی ببەن، بەڵام لە کابینەی حکومەتدا دەبینین تەنیا یەك ئافرەت وەزیرە، ئەوەش «غەدرێکە لە ئافرەتانی بەتوانا دەکرێت».

لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا کە هۆکارەکانی ئەو «غەدر»ە چییە، فریال عەبدوڵڵا گوتی «ئەوە

## کۆمەڵگەو تێڕوانینە کۆمەڵایەتییەکان تواناکانی ئافرەتیان لەخەسڵەتی دایکایەتی و ماڵداریدا بەندکردووە

کۆمەڵێك هۆکاری هەیە، یەکەمیان ئەوەیە نابێت لەیادمان بچێت کەپێشتر کوردستان دووئیدارەبووە بەڵام دوای یەکگرتنەوەی هەردووئیدارە، بەداخەوە چەند شتێك کران بەپێوەر بۆ دەستنیشانکردنی پلەتاییەتی و وەزیرەکان لەوانە مەحسووبیەت و ڕەنگە بیریان لەوەکردبێتەوە کە پیاوێك دابنێن چونکە زیاتر بەرژەوەندیی حزبەکەیان بپارێزێت. دووەمیان بێمتمانەیی کۆمەڵگەیە بەرامبەر بەتواناکانی ئافرەت، ئەمە جێگەی نیگەرانییە کە بەداخەوە وادەزانن ئافرەت ناتوانێت وەك پێویست ئەرکی خۆی جێبەجێبکات».

ئەندامەکەی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی جەختی لەوەش کردەوە کە «کۆمەڵگە بەشێکە لەوەی کە دەیبێتە هۆی بێبەشکردنی ئافرەت لەپۆستەکان، چونکە زۆرجار خێزان کە بچووکترین یەکەی کۆمەڵگەیە، زۆر پشتیوانی ئافرەت دەکات، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە، ئەوەیە کە هەندێك لەپیاوان مەبدەئێکیان هەیە کە وادەزانن ئافرەت بێتوانایەو ناتوانێت وەك پێویست لەکارەکانیدا سەرکەوتووبێت، بەڵام ئەو ڕایە هەڵەیە، ئەوەی راستییەکەی بەدەرخست، ئەوەیە کە هەر ئەو یەك وەزیرە ئافرەتە کە لەکابینەی شەشەمدا هەبوو،بەهۆی سەرکەوتنییەوە توانی بۆ کابینەی حەوتەمیش دووبارە پۆست وەربگرێتەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئافرەت دەتوانێت گەورەترین خزمەت پێشکەش بکات و لەکارەکەیدا زۆر سەرکەوتووبێت، بەلام ئەوە جێگەی داخە کە لەکۆی ٢٢ وزیر تەنیا یەك وەزیری ئافرەت هەیە». فریال گوتیشی «بێگومان ئێمە نابێت هەموو شتەکان لەیادبکەین و هەرچی کراوە زەربی سفری بکەین، چونکە شتی باشکراوەو یەکێك لەو شتانە سیستەمی کۆتایە کە لە دەستووری عێراقیشدا تەسبیت بووەو هەروەها لە پەرلەمانیشدا جێبەجێکراوە، هەروەها ئێمە وەك یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ئۆرگانی ناوخۆی خۆماندا سیستەمی کۆتامان جێگیرکردووە بۆ گشت پلەکانی حزب کە ٢٠ تا ٢٥٪ی بۆ ئافرەتان بێت، هەوڵدەدەین لەهەڵبژاردنەکانی داهاتووشدا واتە لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاو ئەنجوومەنی شارەوانی و پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیش کۆتا هەبێت، پشت بەخوا بەشێك لە ئافرەتان بەوشێوە بچنەپێشەوە، هیواداریشم لەحکومەتیش بتوانین ئەم سیستەمە بەگەڕبخەین».

وەك دواقسەشی هێمای بۆ ئەوە کرد کە یەکدەنگی و کۆدەنگی ئافرەتان سەرکەوتنیان لەهەڵبژاردنەکان ساناتر و ئاسانتر دەکات، گوتیشی «بەبڕوای من زۆرجار پیاو دەنگی ئافرەت دەبات، بەڵام ئەگەر ئافرەتان یەکگرتووبن، بەسەر ئەو کێشەیەدا زاڵ دەبن و لە وەرگرتنی پۆستی باڵاش سەرکەوتوو دەبن».

### لەکۆمەڵگەی پیاوسالاری ڕیگە بەئافرەت نادەن لەناو ئۆرگانە سەرەکییەکان و پۆستە باڵاکاندا کاربکات

توێژەری دەروونی و بەڕێوەبەری ماڵی داڵدەی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو (بەهار ڕەفیق فەتحوڵڵا)، لەلێدوانێکیدا بۆ گوڵان ئاماژە بەهۆکارەکانی کەمبوونی ڕێژەی ئافرەتان لە پۆستەباڵاکانی حزبی و حکوومیدا دەکات و بەمجۆرە ڕای خۆی دەردەبڕێت «ڕێژەی ئافرەتان لەناو چینی فەرمانبەراندا زۆر لەپیاوان زیاترن، بەڵام پیاوان ڕێژەیان لەپۆستەباڵاکاندا زۆرزیاترە، ئەمەش چەند هۆکارێکی هەیە، یەکەمیان ئەوەیە کە کۆمەڵگە و تێڕوانینە کۆمەڵایەتییەکان تواناکانی ئافرەتیان لەخەسڵەتی دایکایەتی و ماڵداریدا بەندکردووە، دووەمیشیان ئەوەیە لە کۆمەڵگەی پیاوسالاری ڕیگە بەئافرەت نادەن لەناو ئۆرگانە سەرەکییەکان و پۆستە باڵاکاندا کاربکات، ئەمەش هەم پێشێلکردنی مافی ئافرەتە و هەم توندوتیژییەکی زۆر گەورەیە بەرامبەر بە ئافرەت دەکرێت، کە ڕێگەی لێدەگرێت بەوەی کە نەتوانێت لە پۆستەباڵاکاندا کاربکات».

بەهار ڕەفیق، هۆکارێکی دیکەشی بۆ خودی ئافرەتان گەڕاندەوە، بەوەی کە «کەمتر هەڵیان داوە لەئاستی باڵادا دەربکەون و تواناکانی خۆیان بسەلمێنن». هێمای بۆ ئەوەش کرد کە «دابونەریتی کۆمەڵگە لەپەروەردەکردنی ئافرەت کاریگەری بەرچاوی هەیە، ئەو نەریتانەیان لەمنداڵییەوە بەسەر ئافرەتدا سەپاندووە، ئەوەش وای لێکردووە کە نەتوانێت وەك پێویست هەمیشە پشت بەخۆی ببەستێ، چونکە کۆمەڵگەو خێزانەکان بەوشێوەیە کچان پەروەردە دەکەن».

### لەدێرزەمانەوە ئافرەتی کورد سەلماندوویەتی هیچی کەمتر نییە لەپیاو و دەتوانێت خاوەن دەسەڵات و بڕیار بێت

سەرۆکی ڕێکخراوی ئەستێرەی منداڵان (سەیران سەڵاح)، سەبارەت بەکەمی ڕێژەی ئافرەتان لەپۆستە باڵاکاندا، سەرەتا ئاماژەی بەوە دا کە ئافرەتانی کورد لەڕابردوودا پێگەیەکی گرنگیان هەبووە، «چەندین ئافرەتی بەتوانا و ئازامان هەبووە کە لە سەردەمانی پێشوو، تەنانەت بەر لە پێشکەوتن و تەکنەلۆژیا ڕۆڵیان لە بەڕێوەبردنی کاروباری ئیمپراتۆری و میرنشینەکانی کوردستاندا هەبووە، بگرە زۆر لەو ئافرەتانە بۆ پاراستنی وڵات و نیشتمان سەرکردایەتی شەڕە گەورەکانیان کردووە، نموونەی خانزادی سۆران و حەپسە خانی نەقیب و عادیلە خان و .. هتد کە دیوەخانەکانیان جوانترین تەخت و بەختی لەزەمانی خۆیاندا هەبووە، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە هەر لە دێر زەمانەوە ئافرەتی کورد سەلماندوویەتی کە هیچی کەمتر نییە لە پیاو و دەتوانێت خاوەن دەسەڵات و بریار بێت، بەڵام ئەوەی جێی ڕامان و سەرنجە، ئەوەیە کە ئێستا بە بەراورد لەگەڵ ئەوکات، دەبوایە ڕێژەی ئافرەت لە پلەو پۆستی باڵادەستدا زۆر زیاتر بوایە».

> **خانزادی سۆران، حەپسەخانی نەقیب و عادیلە خان نموونەیەکن لە دەسەڵاتداریی سەرکەوتووی ئافرەتی کورد**

> **زۆرجار پیاو دەنگی ژن بۆ خۆی دەبات، بەڵام ئەگەر ئافرەتان یەکگرتووبن، بەسەر ئەو کێشەیەدا زاڵ و لە وەرگرتنی پۆستی باڵاش سەرکەوتوو دەبن**

سەیران سەڵاح سەبارت بە هۆکارەکانی ڕێگر لە بەردەم بوونی ئافرەتان لە پلە بەرزەکانی حزبی و حکوومیدا گوتی «بەداخەوە هەمیشە ئافرەتی چالاك ڕووبەڕووی دژایەتیکردن لەلایەن پیاوانەوە دەبێتەوە، ئەمە وەك نەریتێکی کۆمەڵایەتی لێهاتووە، جگە لەوەش زۆرجار لە هەلبژاردنەکاندا خودی ئافرەتان دەنگ نادەنە ئەو ئافرەتانەی کە پالێوراون بۆ وەرگرتنی پۆستێك، زۆربەی پیاوانیش بەهیچ شێوەیەك ئامادە نین ئافرەت بەڕێوبەریان بێت».

سەرۆکی ڕێکخراوی ئەستیرەی منداڵان گوتیشی «بە ڕاشکاوی دەبێت ئەوە بخەینەڕوو کە لە ئێستاشدا تەنانەت کاتێك پۆستێکی باڵا بۆ ئافرەتێك دیاری دەکرێت، دەبێت بەفەرمانی حزبە دەسەڵاتدرەکان بێت، وەك دەشزانین دەستنیشانکردنی ئافرەتان لەلایەن حزبەکانەوە لەسەر بنەمای مەحسوبیەت و مەنسوبیەتە، کە دەبێت ئافرەت خۆی لەوە دەرباز بکات و بۆ ئەوەی ببێتە جێی متمانەی کۆمەڵگە بەگشتی، پێویستە کارامەیی و تواناکانی خۆی بسلمێنێت».

### لە کوردستاندا هەموو پۆستێك لەسەر بنەمای حزبیەو ڕێژەی پیاوی حزبیشمان لەئافرەتی حزبی زیاترە

هەژین فایەق، وەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی، هۆکاری سەرەکیی کەمبوونی ڕێژەی ئافرەتان لەپۆستە باڵاکانی حزبی و سەرجەم پۆستە حکوومی و ئیدارییەکان بە «بڕیاری حزبەکان»ەوە گرێ دەدات و دەڵێت «حزبەکان هەمیشە ئافرەتانی نێو ڕێکخستن و بنکە سیاسییەکانی خۆیان بۆ پۆستی باڵا دادەنێن و ناچن ئافرەتێکی چالاکوانی سەرکەوتوو دابنێن، بێگومان هەموو ئافرەتێکی حزبیش بەتوانا نین، بەگشتی لە کوردستاندا هەموو پۆستێك لەسەر بنەمای حزبیە ڕێژەی پیاوی حزبیشمان لەئافرەتی حزبی زیاترە، لەبەر ئەوەشە حزبەکان بۆ پۆستەباڵاکان زیاتر پیاو کاندید دەکەن».

هەژین فایەق، یەکێکە لەو هەزاران کەسەی کە جەخت لەوە دەکەنەوە لەکۆمەڵگەی پیاوسالاری زیاتر گرنگی بەپیاوان دەدرێت و ڕێگری لە سەرکەوتنی ئافرەتان دەکرێت، گوتیشی «لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەر لەمنداڵیەوە ئافرەتی لەسەر پەروەردە دەکرێت، ئەویش ئەوەیە کە هەمیشە ئافرەت خۆی بەکەمتر لەباوك برا و مێرد بزانێت، تەنانەت دەبێت خۆی لەکوڕە مامەکانیشی بە کەمتر بزانێت، ئەمەش نەریتێکی زۆر سەقەتە».

# عیشقێکی هەڵە خەریک بوو

پەروەردەی دروست لەنێو هەرماڵباتێك لەدواجاردا کۆمەڵگەیەکی پەروەردە کراوی دروست بەرهەم دێت، کاتێکیش تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە لەئاستێکی باشی پەروەردە تاکێکی هۆشیاری پەروەردەکراوێکی دروست دێتە بەرهەم ئەمەش کاریگەریی ئەرێنی لەسەر هەموو پێگەکانی کۆمەڵگە دەبێت بۆ گەیشتنیش بەو ئاستە هۆشیارییەی لای تاکەکانی کۆمەڵگە دەبێت لەماڵباتەوە دەست پێ بکەین،لەنێو ماڵباتیش باوك و دایك رۆڵی هەرە سەرەکی دەبینن لەپەروەردەکردنێکی دروستی تاکەکانی ئەو ماڵباتە، بەشێوەیەکی گشتی هۆشیاری دایك و باوك و ئابوورییەکی باش و کۆمەڵگەیەکی سەقامگیر رۆڵی گرنگ لەبەرهەم هێنانی ئەو تاکە تازە پێگەیشتووەی کە لەدوا جاردا تاکێکی بەرهەمهێنەر بێت بۆ کۆمەڵگە دەبینن.

**تەنیا ئابوورییەکی باش ئایندەیەکی گەش دابین ناکات**

ئێمە و مانانی گەنج و تازە پێگەیشتوو پێمان وایە ئەگەر ماڵباتەکەم ئاستی ئابووریيان بەرز بێت خۆشگوزەرانی لەنێو ماڵباتەکەمان دەهێنێتە کایەوەو خۆشمان لەدواجاردا ئەوەی ئارەزووی دەکەین بەدی دێت و دەبینە کەسێکی بەرهەمهێنەری کۆمەڵگە، بەڵام کەسانی لەخۆمان بەتەمەن تر بەپێچەوانەوە پێیان وایە ئابووری ئەو رۆڵە گرنگانە نابینینێ کە ئێمە وای بۆ دەچین، بەڵکو ئەوان بوونی دایك و باوکێکی هۆشیار لەئابوورییەکی باش گرنگترن، بۆیە لێرەوە پەلکێشی ناو رووداوێکی راستەقینەتان دەکەین بەوەی چۆن کچێك کە لەناو ماڵباتێکی خوداپێداو گەورە دەبێت، بەڵام لەرووی پەروەردەوە لەئاستێکی خراپدا دەبن نازانن پەروەردەیەکی دروستی منداڵەکانیان بکەن، چۆن چارەنووسێکی نادیار چاوەڕوانی بێریڤان دەکات، بەڵام بابزانین کێ رزگاری دەکات.

**بێریڤان کێیە**

بێریڤان کچێکی تەمەن لەسەرووی ٢٠ساڵیەوە و قوتابی قۆناغی ئامادەییە و ئێستاش لەخوێندن بەردەوامە، ئەو رووخسارێکی هێندە جوانی هەیە وادەزانێت هەر کوڕێك بەرێگادا بڕوا عاشقی ئەوە، ئەو کچە وەك خۆی باسی دەکات لەرووی پەروەردەییەوە وەك پێویست پەروەردەیەکی دروست نەکراوە ئەمەش خەریك بوو چارەنووسێکی تاریك بەقسمەتی خۆی بکات، بێریڤان لەدرێژەی گێرانەوەی ژیانی خۆی باس لەوە دەکات ماڵباتەکەی جگە لەدایك و باوکی ٣ براو ٢ خوشکی لەخۆی بەتەمەنتر پێکهاتووە، ئەو دەڵێت باری ئابووریی ماڵباتەکەم هێندە باش بوو هەر چییەکم داوا بکردابوایە بۆم جێبەجێ دەکراو زۆر بەناز گەورە کراوم، کاتێك بەرێگا دەرۆیشتم وامدەزانی هەموو کوڕێك عاشقم بووە، بەڵام هەمیشە بەخەیاڵی ساتێك پیاسەی ئەو کوڕو کچانەش بوومە کە وەك دوو عاشقی سەر شێت لەنێو گوڵ و گوڵزاری پارکەکانی ئەو شارە پیاسەیەك دەکەن و هەناسەیەکی عاشقبوون هەڵدەمژن.

**بێریڤان دەکەوێتە داوی عیشقەوە**

بێریڤان ساتێك قسە بۆ یەکێك لەتوێژەرانی کۆمەڵایەتی دەکات ئەو لەبارێکی دەروونی زۆر خراپدا دەبێت، ئەو بەئەستەم دەتوانێت چیرۆکی تاڵی ژیانی خۆی بگێڕێتەوە، لەگەڵ درکاندنی هەر وشەیەك ئاخێك هەڵدەکێشێت، ئاخێك بۆ ئەو رۆژانەی کە چۆن قەدەر بەم رۆژەی گەیاندووە، بێریڤان بەردەوامی بەقسەکانی



# ژیانی بێریڤان بکاتە دۆزەخ

دەدات و دەگێڕێتەوە، بەیانییەکی ئەم پاییزە کاتێك بەرەو قوتابخانە بەرێگاوە بووم چاوم بە پیاوێکی تەمەن کەمتر لە ٣٠ساڵە کەوت، ئەو پیاوە سەیری چاوەکانمی دەکردو چاوەکانی ئەویش سەرنجی راکێشام، ئەم هاتنە سەر رێگایەو سەیرکردنم زیاتر لە دوو هەفتەی خایەند تا گەیشتە ئاستی ئەوەی پەیوەندیی خۆشەویستی دابنێین.

**دووچاری نەخۆشی دەروونی دەبێت**

بێریڤان بەهۆی کاریگەرییە خراپەکانی بەهەڵە تێگەیشتن لەژیان لەگەڵ درکاندنی هەر وشەیەك ساتێکیش بێ دەنگ دەوەستاو ناوە ناوەش درێژەی پێدەدا، ئەو گوتی، من یەکەمجارم بووە تووشی داوی خۆشەویستی ببم، شەمیران بەشێوەیەك قسەی بۆ دەکردم کە ئەو لەهەمووو تەمەنیدا عاشقی هیچ کەسێك نەبووە جگە لەمن نەبێت، ئەو نازی رۆژانە بۆ دەیان جار پەیمانی خۆشەویستی بۆ نوێ دەکردمەوە و دەیوت کە ئەو تائێستا ژنی نەهێناوەو ئامادەیی خۆشی بۆ هاوسەرگیری لەگەڵمدا نیشانداوە، بەقسەکانی شەمیران باوەڕم کرد بوو، خۆم وەك پاشایەك لەسەر ئەو زەمینە داهاتە بەردەوام و گوتیشم تازە من ئەو کەسەی لەژیاندا دەمویست دەستم کەوت و بەخۆشەویستیی راستەقینەی ژیانم گەیشتم، بەڵام نەمدەزانی هەڵەم، بۆیە لەناکاو شەمیران کوردستانی بەرەو یەکێك لەوڵاتانی ئەوروپا بەجێهێشت و بۆ دواجار ماڵئاوایی لەبێریڤان کرد، دوای گەڕان و سۆراخێکی زۆر لەدواجاردا بۆم دەر کەوت ئەو قسانەی شەمیران بۆ منی دەکرد هیچی وا نەبوو، ئەو ژنی هێنا بوو و خاوەنی ٤ منداڵیش بوو، کاتێك سەفەری یەکجارەکیشی کردووە نەك من،بەڵکو ژنەکەشی ئاگادار نەکردۆتەوە.

**بەئومێدەوە لەژیان دەڕوانێ**

دوای ئاشکرا بوونی راستییەکانی ژیانی شەمیران و بەجێهێشتنی یەکجارەکی، بێریڤان دووچاری بارێکی دەروونی یەکجار خراپ دەبێت و بیر لەرووداوێك دەکاتەوە کە هیچ ساتێك بیری بۆ نەچوو بوو ئەویش خۆ کوشتن بوو، بیریڤان بەرێنمایی چەند هاوڕێیەکی لەبری ئەوەی هەوڵی خۆ کوشتن بدات دەچێتە لای بەشی دەروونی سەر بەیەکێك لەرێکخراوەکانی ئافرەتان و توێژەرێکی کۆمەڵایەتی رێنمایی پێویستی دەکات و ئێستا هەوڵ دەدات هەموو ناخۆشییەکانی ژیانی لەبیر بکات و بەئاسۆیەکی روونتر سەیری ژیان بکاتەوەو لاپەڕەیەکی سپی هەڵبداتەوە، بێریڤان پاش رێنمایی کردنی لەلایەن ئەو توێژەرە دەروونی بەرەو دۆخی باش هەنگاو دەنێ و ئێستاش بەئومێدەوە لەژیان دەڕوانێ، بۆیە بێریڤان ئێستا هەموو یادگارییە تاڵەکانی پێشوو و بیرکردنەوەش لەخۆ کوشتن وەلاوە دەنێت و روونتر لەژیان دەڕوانێت و ئایندەیەکی گەش لەچاوەڕوانیدایە.

**ئەم چیرۆکە رووداوێکی راستەقینەیە و لەپەیمانگای پرسە کۆمەڵایەتیەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان وەرگیراوە.**



# فرەژنیش ئازادییە



ڤینۆس فایەق
تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

ئێمە باوەڕمان بە ئازادیی بیروڕایە، باوەڕمان بە جیاوازیی ڕەنگ و دەنگ و باگگراوند و بیرکردنەوە و تەنانەت دین و فکریشە، باوەڕمان بەهەموو جۆرەکانی دیکەی ئازادییە، هەروەك باوەڕیشمان بەوەیە سنووری ئازادییەکان لەو جێگەیەدا تەواو دەبێت کە ئازادی ئەوانیتر دەستپێدەکات، جگەلەوە باوەڕیشمان بەوەشە کە نابێت بەناوی ئازادیی خۆمانەوە زیان بەوانیتر بگەیەنین. بەتایبەت باوەڕمان بەوە کە سیستەمێکی سیکۆلاریزم کە جێگە هەموو بیروبۆچوون و دین و ڕەنگەکانی تیادەبێتەوە، تەنها چارەسەرە بۆ ئەم سەردەمی کرانەوە و دنیابینیە فراوانەی تاکەکانە کە خەون بە کۆمەڵگایەکی بەختەوەر و ئازاد و دیموکراسییەوە دەبینن، بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئایا ئێوەش وان؟ ئایا ئێوەش بەهەمان شێوە باوەڕتان وایە کە سنووری ئازادییەکانتان لەوێدا تەواو دەبێت کە ئازادییەکانی ئێمە دەستپێدەکات؟ باوەڕتان بە دەنگ و ڕەنگ و بیروبۆچوون و دین و فیکری جیاوازی ئێمە هەیە؟ ئاخر ئازادی پرۆسەیەکی یەکلایەنە نییە، هەروەك دیموکراسی پرۆسەیەکی بیردۆزی نییە.

گوایا مەلایەکی خەڵکی هەولێر بڕیاریداوە بەبێ بەرامبەر ئافرەت لەو پیاوانە مارە بکات کە ژنی دووەم و سێیەم و چوارەم دەهێننەوە، ئەمەش بووەتە هۆی نیگەرانییەکی زۆر لەناو خوێنەر و چالاکوانان و بەتایبەت لە پەرلەماندا، گوایا هاژە سلێمانی پەرلەمانتاریش بەنیازە بەپێشێلکردنی یاسا ناودەبات و بەنیازە بەدواداچوونی یاسایی بۆ بکات.

تەنانەت لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك خەڵکێکی زۆر دژی قسەی مەلاکەن و هەریەکە لەگۆشەنیگای خۆیەوە ئەو هەڵوێستەی ئەو مەلایە بە ناشارستانی و نابەجێ و دژی بنەماکانی مافی مرۆڤ و بەتایبەت مافی ژن لێکدەدەنەوە. لە کاتێکدا من رایەکی تەواو جیاوازم هەیە، ئەویش ئەوەیە با ڕێگە بدەین ئەوانە قسە بکەن، ئەوانە رای خۆیان بڵێن، هەتا ئەو سنوورەی کە رادەردەبڕن، لانیکەم لایەنێکی پۆزەتیفی هەیە، ئەویش ئەوەیە تێبگەن کە کەشوهەوای ئازادی چەند تەندروست و خۆشە، کە تۆ بتوانیت وا ئازادانە گوزارشت لە راکانی خۆت بکەیت، بۆ ئەوەی فێریش بن کە ئەوانیش هەمان ماف بەبەرامبەرەکانیان بدەن. ئێ خۆ ئەو مەلایە نەیگوتووە بەزۆر دەچم ژنەکان لە پیاوەکان سەربەهەوێ مارەدەکەمەوە، نەیگوتووە ئەوەی ئەوەنەکات بە شمشێر ملی دەپەڕێنین، خۆ نەشیگوتووە هەر ژنێك رازی نەبوو سەربەهەوێ شووبکاتەوە دەیکوژین.

ئینجا ئەو خاتوونە پەرلەمانتاری دەیەوێت بەدواداچوون بۆ قسەکانی ئەو مەلایە بکات، با بیکات، بەڵام ئەگەر وابوو و ئەو قسانەی کردبوو خۆ بە هیچ یاسایەك ناچێتە ژێر خانەی توندوتیژیەوە، چونکە قسەیە و کردوویەتی و وەکو گوتم ئێمە قسە لە ئازادییەکان و کەشوهەوای دیموکراسی و کۆمەڵگایەکی سیکۆلاریزم دەکەین، ناتوانێت بەهیچ یاسایەك حوکمی بدات، ئەگەر بە یاسای قەدەغەکردنی فرەژنی لێی دەچێتە پێشێ، ئەوەندەی من بزانم ئەو یاسایە هیچ سزایەکی

**کێشەی کۆمەڵگای ئێمە چەند لە هوشیاریدایە ئەوەندە لە یاسادایە، ئەوەندەی دیکەیش لە کەمتەرخەمی ڕێکخراوەکانی ئافرەتاندایە کە بەس ئازان حزبایەتی بکەن**

نەبڕیوەتەوە بۆ کەسێك یان مەلایەك ئەگەر خۆبەخشانە ڕاگەیەنێت بەبێ بەرامبەر ژنی دووەم و سێیەم و چوارەم لە پیاوەکان مارەبکاتەوە.

بەڵام من دەپرسم: ئایا کێشەی کۆمەڵگای کوردی تەنیا ئەو مەلایەیە کە ئەو قسەیەی کردووە؟ ئایا کێشەی ئێمە لەگەڵ ئەو ژنانەدایە کە لەچك لەسەر دەکەن؟ یان کێشەی ئێمە زۆر لەوە گەورەترە؟ کێشەی کۆمەڵگای کوردی کێشەی نەبوونی هوشیارییە، هوشیارییەك کە وا لە ژن بکات خۆی هەست بە ئینسانیەتی خۆی بکات و ڕازی نەبێت سەربەهەوێ شووبکاتەوە، کێشەی ژنانێکە ڕازی نەبن هەوێیان بەسەر بێتەوە. کێشەکە کێشەی ژنانێکە کە تەڵاق دەدرێن وەکو ئادەمیزاد حسابیان بۆ بکرێت و سووك سەیرنەکرێن، کێشەی کۆمەڵگایەکە بەچاوی ڕێزەوە لە کچی سەڵت بڕوانێت کە تەمەنێکی تێپەڕاندووە و هێشتا شووی نەکردوە و بە (قەیرە) ناوی نەبەن و هەموو پیاوانی عەشرەت لێی نەبن بە خاوەن.

کێشەی کۆمەڵگای ئێمە چەند لە هوشیاریدایە ئەوەندە لە یاسادایە، ئەوەندەی دیکەیش لە کەمتەرخەمی ڕێکخراوەکانی ژناندایە کە بەس ئازان حزبایەتی بکەن و ڕۆژی ژنان جلی باق و بریق لەبەر بکەن و خیتابەکان بۆ حزبییە پیاوەکان بخوێننەوە و بەشان و باڵیاندا هەڵدەن بۆ ئەوەی شتێ بودجەی زیاتریان بدەنێ.

کێشەی ئێمە لەوەدایە ژن خاوەن کەسایەتیی خۆی نییە و هیچ لایەن و دەزگایەکی پسپۆڕ و تایەبتمەندمان نییە ژن وەکو مرۆڤ لەناو کۆمەڵگادا تەئهیل بکات و بیکاتە کائنێکی بڕیاردەر و بەهێز توانای ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵگای هەبێت و توانای داکۆکیکردنی هەبێت لەخۆی لە کاتی پێویستدا.

خاتوو هاژە ئەگەر ڕاستدەکات، با لەپەرلەماندا پرۆژەیەك پێشکەش بکات بۆ دەسکاریکردنی یاسای بەدەوڵەتکردنی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان وا بزانم دەتوانێت لەژێر یەك چەترا کۆیانکاتەوە و ئیشیان پێبکات؟

کێشەی کۆمەڵگای کوردی ئەوەندەی لەگەڵ دواکەوتوویی و داخراوی و دابونەریت و عورفی کۆمەڵایەتی کۆنەپەرستدایە، ئەوەندە و زیاتریش لەگەڵ ئەو بەناو هەڵگرانی بیری پێشکەوتووخواز و عیلمانیانەی بانگەشە بۆ کۆمەڵگایەکی سیکولاریزم و ئازاد دەکەن کە هەتا سەر ئێسقان خۆیان بە (فێمینیزم) دەزانن کەچی لە هاتوهاوار زیاتر هیچی تریان نەکردووە و بەردێکیان نەخستۆتە سەر بەردێك.

هەڵبەتە نەشیاوە کە وا بەرەهایی دەنووسم، بەڵام ئێمە زیاتر باس لە حاڵەتە زەقەکە و زۆرینەکە دەکەین.

هەتا ئێستا چەند شیکاری زانستی کراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی ئەوەی ئایا پیاو لە کۆمەڵگای کوردیدا بۆچی ئەوەندە مەیلی زەبر و زەنگ و چەوساندنەوە بێئیرادەکردنی ڕەگەزی بەرامبەری هەیە؟ هەتا ئێستا چ لێکۆڵینەوەیەك کراوە سەبارەت

**ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان دژایەتی یەکتر دەکەن و ڕازی نین پێکەوە لەژێر یەک چەتردا ئیش بکەن**

**هەتا ئێستاش کوڕ چەقی خێزانە و لایەنە بەهێزەکەی هاوکێشە خێزانییەکەیە و کچیش هەمیشە بوونەوەرە بێ ئیرادەکراو و ماف زەوتکراوەکەیە**

بەوەی بۆچی سیاسەتمەداری کورد ئەوەندە کەمتەرخەمە لە ئاست کێشە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەت پرسی ژن و ئامادەیە هەموو شتێك بکاتە قوربانیی دەسکەوتی پارە و بازرگانیکردن. ئایا چ لێکۆڵینەوەیەك کراوە لەوەی ئایا بۆچی هەتا ئێستا ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرتان دژایەتی یەکتر دەکەن و ڕازی نین پێکەوە لەژێر یەك چەتردا ئیش بکەن؟ چ بەدواداچوون و شرۆڤەیەك کراوە لەبارەی ئەوەی بۆچی ژنی کورد ئەوەندە خەنی و خۆشبەختە بەوەی بەوجۆرە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و وەکو دیکۆر و جوانکاری بوونەتە بووکەشووشەی دەستی حزبەکان بە ئارەزووی خۆیان دایاندەنێن و لایان دەبەن؟ ئەی بۆ دیراسەیەك ناکەن لەبارەی ئەوەی بواری پەروەردە لە وڵاتی ئێمەدا هێند لەدواوەیە و هەتا ئێستاش کوڕ چەقی خێزانە و لایەنە بەهێزەکەی هاوکێشە خێزانییەکەیە و کچیش هەمیشە بوونەوەرە بێئیرادەکراو و ماف زەوتکراوەکەیە؟

بەهەرحاڵ کابرایەکی وەکو ئەو مەلایە بۆ قسە نەکات، لە کۆمەڵگایەکی وەکو کۆمەڵگای ئێمەدا کە ئەو هەموو سەقەتی و ناتەواوی و خواروخێچییە هەیە، ئەویش خەڵکی خۆی هەیە گوێی لێبگرێت و بەقسەشی بکات، بەس با ئێمە تەنیا ئەو و نموونەکانی ئەو بەرپرس نەکەین، با کەمێك خۆشمان بەرپرس بکەین.